غەفوور مەخموری
سکرتێری گشتی YNDK

# راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمی YNDK
لە رۆژانی 18-2002/2/11 بەهەولێر بەسترا

غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی YNDK

# ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی چوارەمی
# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
# YNDK

پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەمی YNDK
کە لەڕۆژانی 10-11/2/ 2002 لەهەولێر بەسترا

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی
ناوەندی ڕێکخستنی YNDK
چاپی یەکەم - هەولێر 2002

* **غەفوور مەخمووری- سکرتێری گشتیی** YNDK
* **راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی چوارەمی** YNDK
* **چاپی یەکەم:** 2002
**هەولێر باشووری کوردستان**
* **لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنی** YNDK



**هەڤاڵ غەفوور مەخمووری**

**سکرتێری گشتیی YNDK**

## خوێنەری بەڕێز:

ڕا پۆرتــی سیاســی کۆنگـــرەی چوارەمـــی YNDK: خوێندنەوەو شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی چڕو پڕەو، لەروانگەی ئایدۆلۆژییەتێکی نەتەوەییانەی هاوچەرخ میکــانیزمی سیاســـەتی نێودەوڵـــەتیو ناوچـــەییو کاریگـــەریان لەســـەر بـــەرخودانی پـــیرۆزو پـــڕ لەقوربانیدانی نەتەوەیی کورد شیدەکاتەوە. هەروەها هاوکێشە سیاســیو کۆمەڵایەتییــەکانی نــاو هــەناوی کۆمەڵگای کوردەواری هەڵسەنگاندووە.

ئەمەی دەیخوێنیتەوە؛ جیــهانبینی (YNDK)ە بــۆ قۆناغی ئێستای خەباتی کوردو تێزێکی کوردانەیە بــۆ خوێندنەوەی سیاسەتی دنیا.

**مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنی**
**YNDK**

# راپۆرتی سیاسی
# کۆنگرەی چوارەمی
# یەکێتی نەتەوەیی
# دیموکراتی کوردستان
# YNDK

**کە لەلایەن هەڤاڵ غەفوور مەخمووری**
**سکرتێری گشتیی یەکێتیمان YNDK**
**پێشکەش بەکۆنگرەی چوارەمی YNDK**
**کە لەرۆژانی ١٠-٢٠٠٢/٢/١١ لەشاری**
**هەولێری پایتەخت بەسترا کرا**

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بـەڕێزان... خوشـکان... برایـــان... هـــەڤاڵانی تێکۆشـەر.. ئـەندامانی کۆنگـرەی چوارەمـی یـەکێتیمان ..YNDK

سەرەتا بەخێرهاتنێکی گەرمی هـەر هـەموو لایـەکتان دەکەم و، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی چوارەم (کۆنگـرەی شەهید سەربەست مەحموود)و هەموو لایەکتان دەخوازم.

کۆنگرەکەمان، کۆنگرەی چوارەم لەژێر ناوی (کۆنگـرەی شەهید سەربەست) دەبەستین، ئەو سەربەسـتەی کـە بـراو دۆسـت و هـەڤاڵ و ئـازیزی هـەموو لایـەکمان بـوو، بـە سەربەسـتی ژیـاو گەیشـتە کـاروانی نـەمران. هـەمووومان باشمان لەبیرە کە هەر لەم هۆڵەداو لـەکۆنگرەی سـێیەمی YNDK لە ١٠-١٩٩٩/١/١٢ شەهیدی سەرکردەمان چ جۆش و خرۆشێکی دابووە کۆنگرەی سـێیەممان و بابـەتێکی هـزری لەژێر ناوی (کوردستانێکی سەربەخۆ) پێشکەش کردین کـە باسی لەدامەزراندنی دەوڵەت کوردیو لەمپەرەکانی بـەردەم دامـەزراندنی کیـانی کـورد دەکـرد، ئـەم کۆنگرەیـەمان، شەهید سەربەست وەکو جەستە ئامادە بوونی نییـە، بـەڵام

رۆحی بەرزەفڕی ئـــەو و هـــزرو بۆچوونـــە نەتەوەییـــەکانی لەگەڵماندان و تا ئەبـــەد بـــەزیندووی لـــەویژدانی ئێمـــەو هەموو کورد پەروەرێکدا ئامادەن. لێرەدا جـــارێکی تـــر داوا لەسەرۆکایەتی حکومـــەتی کوردســـتان و دەزگـــا بەرپرســـە حکومییەکان دەکەین بۆ زیـــاتر بـــەدواداچوون بـــۆ ئاشـــکرا کـــردن و دەســـتگیرکردنی بکوژانـــی شـــەهید سەربەســـت و دادگایی کردنیان بەشێوەیەکی ئاشـکرا تـابـبنـــە پـــەند بـــۆ تیرۆریستان.

درود بۆ گیانی پـــاك و بـــەرزەفڕی هـــەڵۆ ســـەربەرزەکەی ئەزمرو نەفرەت و مردن بـــۆ ئـــەو ترســـنۆك و چە پەلآنـــەی دەستیان چووە خوێنی ئەو هەڵۆ بەرزەفڕە.

پێشـــنیاز دەکـــەم، ئـــەم هۆڵـــەی کـــە ئێســـتا تێیـــدا کۆبووینەتەوە ناو بنێین بە (هۆڵی شەهید سەربەست) کـــە ئەوەش مافێکی رەوای خۆیەتیو ئێمە هەموومان بـاش ئـــەوە دەزانین کە شەهید سەربەست بزوێنەرێکی چـالاکی YNDK بـــوو زۆر لـــەوە گـــەورەترە کـــە هەرچییـــەك بـــەناوی ئـــەو ناوبنێین و تەعبیر لەگەورەیی ئەو بکات.

**بـــەڕێزان:** داواکــارم لــەم کۆنگرەیــەدا بەراشــکاوی‌و گیــانێکی هەڤاڵبەندانــە گفتوگــۆ لەســـەر تـــەوەرەکان و بابەتـەکانی ڕۆژانـی کۆنگرە بکـەین و، ئـەم کۆنگرەیـەمان، کۆنگرەی بـەخۆ داچوونـەوەو بنیاتنانـەوەی YNDK بێـت بەشــێوازێکی مۆدێـــرن و گونجــاو لەگـــەڵ ســـەردەمی ئـەمرۆماندا‌و بتوانـین بەهـەموو لایـەکمان وردبینانـەو بەگیانێکی شۆڕشگێرانە کارو خەباتی ماوەی ڕابردووی YNDK هەڵبســەنگێنین و ئامــاژە بەپێشــڤەچوون و کــارە باشـەکان بدەیـن و پەنجـەش بخەینـە سـەر ئـەو گرفـت و کۆسپانەی هاتوونەتە ڕێی خەباتی YNDKو چارەسـەری گونجــاو بدۆزینـــەوە بــۆ دەربــازبوون لـــەم گرفتانـــەو، کارنامەیەکی نوێ‌و سەردەمانە دابرێژین بۆ کارو خەباتی داهـــاتووی YNDK کـــە لەئاســـتی خواســـتی ئێمـــەو هەڤالأنماندا بێت.

**خوشکان.. برایان**

لەماوەی نێوان کۆنگرەی سێیەم و چوارەممماندا لەسەر ئاستی جیـهان و ناوچەکـەو کوردسـتان کۆمـەڵێ ڕووداو گۆڕانکــاری ســیاســی ڕوویاندا، بۆ ئێمە زۆر پێویستە کـــە لەســــــەریان بوەســتین و شــییان بکەینــەوەو لەدیدگای YNDKەوە هەڵیان بسەنگێنین، بۆ ئەم مەبەستە لـەم ڕاپۆرتـەدا بـەکورتی‌و بـەچڕی لەسـەر ئـەم پرسـانە وەســتاوین و دیــدو بۆچوونـــی YNDK مــان لـــەبارەیان خستۆتە ڕوو.

## بارودۆخی کوردستان

کوردســـتان وەك داگــیرکراوێکی پارچــە پارچــە کــراو لەرۆژهـــەڵاتی نـــاڤین داو لەســـەر نەخشـــەی سیاســـیدا کەوتۆنەتە شوێنێنکی زۆر ستراتیژیو زۆربەی سەرچاوە ســـەرەکیەکانی وزەی ناوچەکـــە کەوتۆتـــە چوارچێـــوەی خـاکی کوردســـتان، (نـەوت) کـــە یەکێکـــە لەســـەرچاوە سەرەکیەکانی وزە بەرێژەیەکی وا لەکوردســـتاندا هەیـە کە گەورەترین یەدەگی نەوت بـۆ دوا رۆژ سـەرچاوەکەی کوردستانە، جگە لە بەپیتی خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ و ئاو و گۆگـردو فۆســـفات و زێـرو ئاســـن و.. تـد کـە ئەمانـە هەموویان دەوڵەمەندی خاکی کوردستان نیشان دەدەن.

لەبـەر ئـەوە کوردسـتان، هەمیشـە خـاڵی بەیـەکدادانی هـــێزە فراوانخـــوازو پاوانخوازەکـــان بـــووە و جێـــی چاوتێبڕینی هێزداران بووە بۆ بەتاڵان بردنی سامانەکەی، ئەگەر بۆ مێژوویەکی زۆر دوورو کۆن نەگەڕێینەوە، ئەوا چالدێران و لۆزان ئەنجامدانی دوو تاوانی دێرۆکی گەورە بوون دژی کوردستان و نەتەوەی کورد، بەڵام ئەنجامدانی ئەم تاوانانە هەروا بێ وەڵام و کاردانەوە نەمانەوە، بەڵکو کـورد بـەدرێژایی مێـژووی داگـیرکردن و پارچـە پارچـە کردنی هەرگاڤ لەبەر خودانی شۆڕشگێڕانە دابووە دژ بە داگیرکەران و چەوسێنەرانی، بەمەبەسـتی مـافی بـوون و مانـــەوە لـــەخۆی لەلایـــەك و دەرپـــەڕاندنی داگیرکـــەر لەخاکەکـــەی و دامـــەزراندنی دەســـەڵاتی نەتـــەوەیی و نیشتمانیی خۆماڵی خۆی لەلایەکی ترەوە. هـەر چـەندە بـــارودۆخی نێودەوڵـــەتی و ناوچـــەیی و نـــاو خۆییـــش

بەدرێژایی هەموو ئەو ماوەی بەرخودانە بەشێکی زۆریان راستەوخۆ دژی کوردو بزاڤەکەی بوون و بەشێکی تریشیان لە ئاستی سەنگ و گرنگی و مەزنی بزاڤەکەدا نەبوون، بەڵام ئەوەی کە دەتوانرێت تائێستا کورد شانازی پێوە بکات ئەوەیە کە لەئەنجامی بەرخودانی قارەمانانەی خۆی سەرەڕای هەموو دوژمنە زۆرو زەوەندە هارو دڕندەکانی خۆی هێشتۆتەوەو وەکو نەتەوە توانیویەتی بەرەڤانی لەخۆی بکات و خۆی لەقڕ کردن بپارێزێت، کە ئەمەش خاڵێکی درەوشاوەی دێرۆکی کوردەو گەورەترین دەسکەوتی بەرخودانەکەیەتی.

**بەڕێزان:** بارودۆخی کوردستان لەتەواوی پارچە داگیرکراوەکانیدا لەرووی سیاسیو دبلۆماسیو خۆڕێکخستن و خۆ سازدان و کاری شۆڕشگێڕانەو هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی شارستانییانە زۆر لەجاران پێشڤەچوو ترو گەشەکردوو ترە.

## باکووری کوردستان

خەبات و بەرخودانی وڵاتپارێزانەی نەتەوەکەمان لەباکوور توانیویەتی نەتەوەکەمان لەئینکاری هەبوونی کورد وەك نەتەوەیەك رزگار بکات و بیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە کەسایەتیو ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی تورکیا ناچار بکات بیر لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی کورد لەباکوور بکەنەوە و دان بەوە دابنێن کە کورد هەیەو ناتوانرێ ئینکاری بوونی بکرێ، کە چەندین ساڵە بەدڕندانە ترین شێوە ئینکاری بوونی نەتەوەکەمان

دەکــەن، بــەڵام بــەرەنجامی خــەباتی نەتەوەکــەمان ئــەو ملهوڕانــەی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی کە (خــەڵکێك هــەن و ناویان کوردەو خاوەنی داب و نــەریت و زمان و مێـژوو و تایبەتمــەندێتی خۆیــانن و پێویســتە هــەندێ لەمافــە کلتورییەکانیشیان بۆ مسۆگەر بکرێت) ئەم گۆڕانکارییە خۆی لەخۆیدا بایەخ و گرنگییەکی سیاسی تایبەتی هەیە هــەر چەندە ئەگــەر ئەم لێدوانانە کاتیو تــاکتیکیش بــن، لەوانەیە حکومەتی داگیرکــەری تورکیا لەگــەڵ گەیشتنی بەهــەندێ مــەرامی سیاســی بەتایبــەتی لەســەر ئاســتی ئەوروپاو خورت کردنــی پەیوەندییــەکانی لەگــەڵ کەناڵــە ئەوروپییــەکان لــەو بــەڵێن و لێدوانانــەی خــۆی پاشــگەز بێتەوە یان لەبیریان بباتەوە، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەو دان پێدانانــەی ئێســتا دەگەڕێتــەوە بــۆ کاریگــەری خــەبات و بـــەرخودانی نەتـــەوەیی کـــورد لـــەو پارچەیـــەدا و بــەردەوامبـــوون لەســەر ئــەو بەرخودانــە تــا گەیشــتنە ئامانج.

سەرەڕای بــەردەوامی سیاســەتی رەگــەز پەرســتانەی دەوڵــەتی داگیرکــەری تورکیــا دژ بــە نەتەوەکــەمان لــەم بەشــەی کوردســتاندا، هەســت بــە بۆشــاییو سســتییەکی سیاسی لەگۆڕەپانی سیاسی باکووری کوردستان دەکرێ ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ بــێ توانــایی هــێزو لایەنــە سیاســـییەکانی بـــاکوور، کـــە دوای ئـــەوەی PKK دەســتبەرداری خــەباتی چــەکداریو زۆربــەی هــەرە زۆری دروشمــە ســـەرەکییەکانی بــوو و، نــەیتوانی توانـــای شۆڕشگێڕانەی خەڵکی وڵاتپارێزی باکوور وەکو پێویست

و کوردانە بەکاربهێنێ‌و پابەندی داگیرکەرانی کوردستان بوو، خەڵکێکی زۆری تووشی بێ ئومێدی‌و سەر لێشێوان کردو ناشارەزایانە لەپارتێکی کوردستانییەوە خۆی کردە پارتێکی تورکی‌و وا خەریکە لەم دواییەدا ناوی خۆشی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی وەکو پارتێکی تورکی هەلس و کەوت بکات، ئەنجامی ئەمانەش هەمووی بەزیان بۆ نەتەوەکەمان گەڕایەوەو ئەم بۆشاییە سیاسییەی لێهاتەبوون، هەرچی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ترن نەیانتوانی بکەونە جوولەو ڤالاییە سیاسییەکە پڕ بکەنەوە، سەرەڕای بەردەوامی ئەو خەباتە گەلێرییەی کە بەردەوام ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە خۆپیشاندان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان لەبۆنە نەتەوەییەکاندا درێژەی پێدەدەن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هەر لەباکووردا بزاڤێکی کلتوری بەرچاو لەئارادایە بۆ بوژاندنەوەو بڵاوکردنەوەی کلتوری کوردی و پاڵە پەستۆ خستنە سەر دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بۆ خوێندن و پەروەردە بەزمانی کوردی وەك خۆنیشاندانی ئەم دواییەی خوێندەڤانانی کورد بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە لە YNDK جارێکی تر داوا لە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییە وڵاتپارێزەکانی باکوور دەکەینەوە کە قورسایی کارو خەباتی خۆیان بگوازنەوە ناوەوەی وڵات و سوود لەم ڕەوشەی ئێستا وەربگرن و ڕێبەرایەتی ئەم بزاڤە گەلێرییەی ئێستا بکەن.

هەر لێرەوەش پشتگیری‌و هاوکاری خۆمانیان بۆ رادەگەیەنین و پشتگیری تەواویش لەخەباتی نەتەوەکەمان لەباکووری کوردستاندا دەکەین، تاسەرکەوتنی یەکجارەکی.

## ڕۆژهەلاتی کوردستان

سەرەڕای سستی کارو خەباتی سیاسی لەم بەشەی کوردستاندا، لێکنزیکبوونەوەی هێزو لایەنە سیاسییە ولاتپارێزەکانی ئەم بەشەی ولات بەکارێکی ئیجابیانە دەنرخێنین و بانگ لە سەرکردایەتی تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات دەکەین کە زیاتر لەیەکتر نزیکببنەوەو ریزەکانی خۆیان یەکبخەن لەپێناو یەکخستنی گوتاری سیاسی کوردو کارو خەباتی هاوبەش و خورت کردنی دبلۆماسییەتی کورد لە دەرەوەی ولاتدا.

بەنیسبەت هەلوێستی رژێمی کونەپەرست و داگیرکەری ئێران بەرامبەر نەتەوەکەمان ئەوا هەروەك خۆیەتیو بەردەوامە لەدژایەتی کردنی نەتەوەکەمان و کێشە رەواکەیو بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان.

هەر لەم بەشەی کوردستاندا هەست بە بزاڤێکی فەرهەنگی بەرچاو دەکرێت بۆ بوژاندنەوەو ناساندنی فەرهەنگ و کلتوری کورد، ئەمەش ڕێگایەکی ترە بۆ ناساندنی کێشەی رەوای نەتەوەکەمان لەو بەشەی ولاتداو، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ڕۆژهەلات بەهەر شێوەیەك بێت هەولبدات ئاراستەی ئەو خەلکە ڕۆشنبیرە بکات کە لەم بوارەدا کاردەکەن بۆ زیاتر گەیاندنی دەنگی کورد بە کەنالە سیاسییەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیش، هەر لەم بوارەدا سەردانی شاندی ڕۆشنبیریو هونەری لەنێوان ڕۆژهەلات و باشووردا کارێکی باشەو دەکرێ بەردەوامی پێبدرێت.

ئێمە لە YNDKدا پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەرۆژهەلاتی ولاتدا رادەگەیەنین و هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچوونی زیاتریان بۆ دەخوازین.

## رۆژئاوای کوردستان

رۆژئاوای کوردستان (کوردستانی بن دەستی سوریا)، بەشێکی دانەبراوی خاکی کوردستانەو وەکو هەر پارچەیەکی تری ولاتەکەمان بزاڤێکی سیاسی تێدایە، کە بەردەوام لەبەرامبەر سیاسەتی شۆڤێنیستانەی حکومەتی سوریا لەبەرخودان دایە. رژێمی داگیرکەری سوریا بەهەموو شێوەیەك ئینکاری هەبوونی ئەو بەشەی کوردستان دەکات و دەستەواژەی (اکراد فی سوریا)ش بەرامبەر نەتەوەکەمان لەرۆژئاوای ولاتدا بەکاردەهێنێت، بێگومان ئەم بۆ چوونەش گوزارشت لەسیاسەتی شۆڤێنیستانەی سوریا دەکات، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتە رۆلەکانی نەتەوەکەمان دەستیان بەکارو خەباتی سیاسی کردووەو توانیویانە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد بپارێزن و بەرەنگاری پیلان و نەخشەکانی رژێمی سوریا ببنەوە. تائێستاش سوریا ئامادەنییە دان بەبوونی کێشەی رەوای نەتەوەکەمان لەو پارچەیەدا بنێت و، نەتەوەکەمانی لەسادەترین مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بێبەش کردووەو زیاتر لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار مرۆڤی کوردی بێ ناسنامەی سوری هێشتۆتەوەو بەکەسانی بیانی هەژماریان دەکات و هەموو مافێکی هاولاتی بوونی لێ سەندوونەتەوەو لەهیچ

دەزگایـــەکی حکومـــی دانامـــەزرێن و مـــافی ئەوەشـــیان پێنـــادرێت کـە خـاوەنی هیــچ شـتێك بـن. سـوریا بـەم سیاســـەتەی وای کـــردووە کـــە کـــورد لەتـــەواوی مافـــە مەدەنییەکان بیٚ بەش بکات. تائێستا خوێندن و نووسین بـەزمانی کــوردی قەدەغەیـە. بــەلاٚم ئــەوەی جێگــای خۆشحالٚییە لەهەمبەر ئەم سیاسـەتەدا، بیری نەتـەوەیی لەمێشکی گەنج و رۆشنبیرانی ئەم پارچەیەی کوردستان لەئاستێکی بەرزدایـەو بەشانازییەوە توانیویانـە مۆرکـی کــورد بوونـــی خۆیـــان بپـــارێزن و بـــەرەڤانی لێبکـــەن و کۆلٚنەدەرانـــە خـــەبات لـــەپێناو وەدەســـت هێنـــانی داخوازییەکانیاندا بکەن.

هەرچەندە حکومەتی سوریا سیاسەتی (پەرتکەو زالٚبە) بەرامبـــەر هـــێزو لایەنـــە سیاســـییەکانی ئـــەو بەشـــەی کوردستان بەکاردەهێنێت و تەواوی لایەنەکانی تووشـی دووکەرت کردن و جیابوونەوە کردۆتەوە، بەلاٚم پێشتر بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەم سیاسەتە (هەڤبەندی دیموکراتی کورد لەسوریا) لەنێوان چەند هێزو لایەنێکی کوردی وەك بەرەیەك پێکهات و تائێستاش بەردەوامە لەکارو خەباتی خۆیـدا، هـەر لەسـالٚی رابـردوودا لەهـەنگاوێکی تـری ولاٚتپارێزانەدا (بەرەی دیموکراتی کورد لەسوریا) لەنێوان سیٚ حیزب پێکهات، گەرەکە پارت و لایەنە سیاسییەکان لەدژایـەتی یـەکتری خـۆ بـەدوور بگـرن و بەهەسـتێکی لێپرسراوانەی مێژوویی هەولٚەکانیان یەکبخەن و لە چەند بەرەیی خۆ رزگار بکەن و هـەولٚی پێکهێنانی یـەك بـەرەی یـــەکگرتووی کـــوردی بـــۆ تـــەواوی پـــارت و لایەنـــە سیاسییەکانی ئەو بەشە بدەن و بەرنامەیەکیش بۆ بەرەو

پێشڤەبردنی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەم پارچەیەدا دابرێژن و چالاکی زیاتر بنوێنن و بەئەرکی کوردانەی خۆیان هەستن، هەر لەم بوارەدا ماوەیەکە کاردەکرێ بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی بڕیاری سیاسی کوردی بۆ ئەم بەشە هیوای سەرکەوتن بۆ هەولەکانیان دەخوازین.

جگە لەمانە ئەمڕۆ بزاڤێکی کلتوری بەرچاو لەو پارچەیەدا لەئارادایە دەبێ هەموو لایەکمان دەست خۆشیو پشتیوانی لێبکەین، رۆژنامەی میدیا–ی ئۆرگانی یەکێتیمان YNDK کارێکی باشی کرد کە ساڵی رابردوو گروپێکی رۆشنبیرانی رۆژئاوای بانگهێشتی باشووری کوردستان کرد، ئەو تێکەڵییە رۆشنبیرییە لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا کارێکی نەتەوەییەو تا بەردەوام بێت سوودی زیاتر دەبێت.

ئێمە لە YNDK پشتگیری تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەرۆژئاوای وڵاتدا دەکەین و هیوای پیشڤەچوون و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

## کوردستانی سۆر

ئەگەر سەرنج بدەین بەشێکی خاکی کوردستان کەوتۆتە بن دەستی ئەرمینیاو ئازەربایجان کە بەکوردستانی سۆر ناسراوە، لەم بەشەی کوردستاندا زیاتر بزاڤی کلتوری لەئارادایەو رۆڵەکانمان بەردەوام لەهەوڵدان بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کوردو بوژاندنەوەی زمان و کلتووری کوردو کۆمەڵێ

کەسایەتی بەتوانایان لەبواری زانست و ئەدەبدا تێدا هەڵکەوتووە کە جێی شانازی کوردن.

ئێمە لە YNDK ئەو بەشەی کوردستان بەبەشێکی دانەبراوی خاکی کوردستان دادەنێین و پشتگیری بزاڤی کلتووریو خۆپاریزی نەتەوەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا دەکەین و هیوادارین کە رۆژێك دابێت ئەو پارچەیەی کوردستانیش بگەرێتەوە سەر خاکی کوردستانی مەزن.

**باشووری کوردستان**

لەماوەی نێوان کۆنگرەی سێیەم و چوارەمی YNDKدا، واتە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا ئەم بەشەی ولاتەکەمان گەشەو پێشڤەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووەو بەئاشکراش هەست بەو پێشڤەچوون و گەشە کردنە دەکرێت.

ئەوەی جێگای گەشبینیو دڵخۆشییە بەردەوامبوونی کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی کوردستانە، بەتایبەتی لەسەر دەستی کابینەی چوارەمی حکومەتی کوردستان، کە دەتوانین بەکابینەیەکی پڕ کارو چالاك و خزمەتگوزاری دابنێین، ئەم کابینەیە هەوڵی داوەو داهاتی کوردستانی خستۆتە خزمەتی خەڵکی کوردستان و گرنگییەکی تەواوی بەپرۆسەی ئاڤاکردنەوەی کوردستان داوەو کارێکی باشی کردووە بۆ دەستەبەر کردن و چەسپاندنی هێمنیو ئاسایش بۆ خەڵکی کوردستان و، ژیان و گوزەرانی فەرمانبەرانی بەرەو باشی بردووە هەر لەپێدانی موچەیان بە بەردەوامیو تادەگاتە دابینکردنی

پارچە زەوی نیشتەجێبوون و دابەشکردن بەسەریاندا، بەڵام پێویستە حکومەتی کوردستان زیاتر بایەخ بەفەرمانبەران و چینە هەژارەکان بدات بەدابینکردنی موچەی زیاترو باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان.

کابینەی چوارەمی حکومەتی کوردستان لەبواری چەسپاندنی یاسا لەکوردستاندا کاری زۆری کردووەو بەردەوامە لەسەری کە ئەمەش خەباتکردنە لەپێناو هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەکوردستاندا.

حکومەتی کوردستان پاڵپشتێکی باش بووە بۆ دامەزراندن و پێکهێنانی سەندیکا پیشەیی‌و جەماوەرییەکان و دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری پیشەکاران سەندیکای تایبەت بەخۆیان دامەزراندووەو یاسای ئەم سەندیکایانەش لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراون و بوون بەیاسای کارپێکراوی سەندیکاکان.

ساڵی رابردوو، لە ٢٠٠١/٥/٢٦ لەهەڵبژاردنێکی گشتیدا بۆ ئەنجومەنی شارەوانیەکان، سەرۆك و ئەنجوومەنی شارەوانیەکانی کوردستان هەڵبژێردران کە (YNDK)یش تێیدا بەشداربوو، ئەم جۆرە کارانە هەوڵدانە بۆ بەمەدەنی کردنی حوکم لەکوردستان و دەبێ هەموو لایەکمان پشتگیری لێبکەین بۆ زیاتر سەرخستنی ئەزموونەکەمان.

جگە لەمانەش لەسەر ئاستی دبلۆماسیدا حکومەتی کوردستان لەبزاڤێکی بەردەوامدا بووە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی دبلۆماسیەتی کوردی‌و گەیاندنی کێشەی رەوای

نەتەوەکــەمان بەکەناڵــە برِیــار بەدەســتەکانی جیــهان، ســەفەرە دبلۆماســییەکانی بــەرِێز ســەرۆکی حکومــەتی کوردســـتان بــۆ دەرەوەی وڵات کــاری پــرِ بەرهـــەم و سەرکەوتوو بوون و پێنگاڤێکی چالاك بـوون بـۆ خـورت کردن و پێشڤەبردنی دبلۆماسـیەتی کـوردیو ناسـاندنی زیاتری کێشەی رەوای نەتەوەکەمان بەدونیای دەرەوە.

لەگەڵ ئەم پێشڤەچوون و گەشە کردنانەشدا، دوژمنانی ئەزموونەکەمان هەمیشە بەردەوام بوونە لەدژایەتی کردن و گرفت دروستکردن بۆ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و شێواندنی باری ئارامی کوردستان، ئەگەر سەرنج بدەین لـەماوەی سـێ ساڵی رابـردوودا ناحـەزان و دوژمنـان کۆمەڵێ کاری تیرۆریستیو تێکدەرانەیان دژ بەکوردستان و ئەزموونەکـــەی ئـــەنجامداوە، کـــە دەتوانـــین بڵێـــین بەرچاوترینیان بریتی بـوون لـەتیرۆر کردنـی کەسـایەتی سیاسیو رۆشنبیریو خزمەتگوزاری کوردستان:

لەشـەوی ١٩ لەسـەر ١٩٩٩/٩/٢٠ تێکۆشـەر (سـوارە بابەکر) ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی جوتیاران و چەوســاوانی کوردســتانیان شــەهید کــرد، کــە تێکۆشەرێکی ماندوو نەناسـی خـەباتی چینایـەتی بـوو لەکوردستاندا.

رۆژی ٢٠٠٠/٥/٣١ هـــەڤاڵ و برامـــان تێکۆشـــەر (سەربەســت مــەحموود) ئــەندامی مەکتــەبی سیاســی یـەکێتیمان YNDKیـان شـەهید کـرد، کـە کەسـایەتیەکی سیاسیو رۆشنبیری کەم وێنە بوو لەکوردستانداو، وەك

رۆژنامــە نووســێکی بوێــرو هــەقگۆ خزمــەتێکی زۆری کێشەی نەتەوەییمانی دەکرد.
رۆژی ١٨/٢/٢٠٠١ تێکۆشــــەر (فرەنســــۆ هـــەریری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لەپەرلـەمانی کوردسـتانیان شەهید کرد. کە تێکۆشەرو سیاسـەتمەدارێکی نـاوداری کوردستان بوو، زۆربەی هەرەزۆری ژیانی خۆی خستبووە خزمەت کێشەی رەوای گەلی کوردستان، ئەمانەو چەندین کەسایەتی تری وەك (پەرلەمانتار عوسمان دزەیی‌و هابیل و قابیل و فەرهاد فەرەج لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکـاری عێراق). لەساڵی رابردووشدا قەتل و عامی گوندی خێلـی حەمە کرا.
جگـە لەمانـە کۆمـەڵێ کـاری تەقاندنـەوەی چاپخانـەو ئارایشگای ئافرەتان و شـوێنە گشـتییەکان ئـەنجامدران. ئێمە لە YNDK جارێکی تر ئەم کارە تیرۆرستییە چەپەڵانە ریسـواو مـەحکووم دەکـەین و بەهـەموو شـێوەیەك دژی تـیرۆرو تیرۆریسـتان دەوەسـتینەوەو داواکـارین دەزگـا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی کوردستان زۆر جددیانە تر بکەونـە خـۆ بـۆ دۆزینـەوەی تاوانبـاران و سـزادانیان، نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەم پیلانانە پێویستی بەهاوکاری‌و یـەکدەنگی هـەموو لایـەکمان هەیـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەم پیلانانە هەڕەشەن بۆ سەر هەمووڵایەکمان.
لـێرەدا جـارێکی تـر پشـتگیری‌و هاوکـاری خۆمـان بـۆ پەرلـەمان و حکومـەتی کوردسـتان کـە دوو دەسـکەوتی مـەزنی نەتـەوەییمانن دووپـات دەکەینـەوەو بـەرەڤانی‌و پێشڤەبردنیان بەئەرکی خۆمان دەزانین.

## پرۆسەی ئاشتی

خاڵێکی تر کە پێویستە لەسەری بوەستین (پرۆسەی ئاشتی)یە لەکوردستاندا، ئێمە ئێستا لەقۆناغێکی زۆر ناسك و هەستیاردا دەژین بۆیە لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بەرێکخستنەوەو یەکخستنەوەی نێومالّی کورد هەیە. ئەمەیش بەچەسپاندنی ئاشتییەکی هەمیشەیی نەبێت نایەتە دی.

رێککەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن، کە لە ١٩٩٨/٩/١٧ لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن هەردوو بەرێزان کاك مەسعود بارزانیو جەلال تالّەبانی بەئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە مۆرکردن بنەمایەکی پتەوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەکوردستاندا. ئەم رێککەوتننامەیە، رێککەوتننامەیەکی چڕو پڕو خودان رەهەندێکی نێودەوڵەتییە بۆیە دەبێ کورد لەدەستی نەدات و هەر رێککەوتنێك کە بکرێت پێویستە لەسەر بنەمای ئەم رێککەوتننامەیە بێت، کە ئەزموونەکەمان بەرەو کەنارێکی ئارام دەبات، بێگومانین لەوەی کە داواکردن و زیندووکردنەوەی هەر رێککەوتننامەیەکی تر جگە لە(رێککەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن) خۆ دزینەوەیە لەسەر خستنی پرۆسەی ئاشتی.

ئێمە لە YNDKدا هەموو کات جەختمان لەسەر سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی کردۆتەوەو لەم پێناوەدا لەهەموو بۆنەکاندا دیدو بۆچوونی خۆمان خستۆتە روو. ئێستاش کە زۆربەی هێما سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوەخۆو ناوچەکەو نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە

گۆڕانکاری گەورەو چارەنووسساز بەڕێوەیە ئا لەم کاتەدا زیاتر لەهەر کاتێکی تر پێویستیمان بەچەسپاندنی ئاشتیو یەکڕیزی گەلی کوردستان هەیە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لەماوەی رابردوودا چەندین جار شاندی خۆی بۆ بەدوا داچوونی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە رەوانەی کوردستان کردووەو بەردەوام جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە ئەگەر بەتەنیاش بێت باشووری کوردستان لەدەستدرێژییەکانی سوپای عێراق دەپارێزێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دڵنیاییەك بەخەڵکی کوردستان دەبەخشێت. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین دوای چەسپاندنی ئاشتی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەو ئازادو سەرتاسەری لەکوردستان ئەنجامبدرێت و حکومەتێکی ئیئتیلافی بنکە فراوانی سیاسی دابمەزرێت کە رەنگدانەوەی واقعی سیاسیو نەتەوەییو ئایینی بێت لەکوردستاندا.

## راگواستن و بەعەرەبکردن

راگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی فاشیو داگیرکەری عێراق، کە تائێستا وەکو سیاسەتێکی بۆگەنی رژێمی داگیرکەری عێراق درێژەی هەیەو بەردەوامە. رژێمی فاشیو داگیرکەری عێراق دەیەوێت لەرێی ئەم سیاسەتە بۆگەنەیەوە دەڤەرەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆیی بێ کورد بهێڵێتەوەو تەواوی کوردی ئەو ناوچانە رابگوازێت و بکەوێتە گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەم دەڤەرانە، وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ لە(کەرکوك و مەخموورو قەراج و

کەندێناوەو گوێڕو دەشتی هەولێرو شنگال و زەمارو خانەقین و بەدرە و جەسان و شوێنی تر) دەستی داوەتیۆ لەسەری بەردەوامەو، بەردەوام خەڵکی ئەو شوێنانە دەربەدەر دەکات و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیان دادەگرێت.

راگواستن و بەعەرەبکردنی کوردستان سیاسەتێکی بۆگەنی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بووەو رژێمی ئێستای عێراقیش شاڵاوەکەی چڕ کردۆتەوەو زیاتر لەهەر رژێمێکی تر دڕندەتر بووەو دژی نەتەوەکەمان وەستاوەتەوە. لەم دواییەشدا بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لەبەغدا بەناو بڕیارێکی رەسمی تایبەت بەگۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی دەرکرد کە بەبڕیاری (١٩٩)ی ٢٠٠١/٩/٦ ناسراوە لەرێی ئەم بڕیارەیەوە زۆر لەبرا کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکات کە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەکوردەوە بۆ عەرەب بگۆڕن و ئەگەر ئەوە نەکەن ئەوا رووبەڕووی دەربەدەرکردن دەبنەوە. جگە لەمە هەرچی زەوی و زاری جوتیارانی کوردە، رژێمی داگیرکەری عێراق داگیری کردوون و بەخێڵە عەرەبەکانی بەخشیوون و ئەمانی هێناوەتە سەر زەویو زاری کوردان و هەموو جۆرە ئاسانکارییەکیشی پێشکەش کردوون. هەروەها بەردەوام لە(کەرکوك و مەخموور) زەوی نیشتەجێبوون بە عەرەبان دەبەخشێت و هاوکارییان دەکات بۆ دروستکردنی خانوو لەسەر ئەو زەوییانەو جگە لەدروستکردنی کۆمەڵی (مستوطنات) بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لەشوێنی کوردان.

ئێمە لە YNDKدا بەتووندی ئیدانەو مەحکومی ئەو سیاسەت و پیلانە نەگریسانەی رژێمی عێراق دەکەین و بەهەموو هێزێکمانەوە رووبەڕووی دەوەستینەوەو، هەموو وزەیەکی خۆشمان دەخەینە گەر بۆ بەرەنگار بوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیاسەتە بۆگەنەی رژێمی داگیرکەری عێراق. هەروەها داوا لەتەواوی هێزو لایەنە ولاَتپارێزەکانی کوردستان و جەماوەری خۆڕاگرو ولاَتپارێزیش دەکەین کە دژی ئەم سیاسەتە بوەستنەوەو بەهەموو لایەك ئیدانەی بکەن و، لەهەمانکاتدا داوا لەهێزو لایەنە دیموکراسیخوازەکانی عێراقیش دەکەین کە بەرامبەر بەم سیاسەتە گلاَوەی عێراق بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نەمێنن.

جێی ئاماژە بۆ کردنە کە لەباکوور بە تورککردن و لەرۆژهەلاَت بەفارس کردن و لەرۆژئاواش بەعەرەبکردن بەردەوامە بێگومان ئەمانەش هەمووی پیلانن بۆ گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی کوردو دیموگرافیای کوردستان.

داوا لەرەڤەندی کورد لەدەرەوەی ولاَت دەکەین کە ئەوانیش رۆڵی بەرچاوی خۆیان ببینن لە بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتی بۆگەنی بەعەرەبکردنی کوردستان و ئەم پرسە بگوازنەوە نێو کۆڕو کۆبوونەوەو ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و لەرۆژنامەکانی ئەم ولاَتانەدا لەسەری بنووسن بۆ ئەوەی هەموو دونیا لەم سیاسەتە گلاَوەی رژێمی داگیرکەری عێراق ئاگادار بکەنەوە.

لەسەر هەموو لایەکیشمان پێویستە (UN) لەم پیلانەی عێراق ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی لەلای خۆیەوە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر عێراق بۆ قەرەبوو کردنەوەی

راگوێزراوان و راگرتنی ئەو شالاْوە که دژ بەنەتەوەکەمان و تەواوی گەلی کوردستانە.

هەروەها داوا لەتەواوی ئەو خێله عەرەبانە دەکەین که دێنه سەر زەوی‌و زارو خاکی کوردان و ماڵ و حاڵی کوردان داگیردەکەن دەبێ باش ئەوە بزانن که دەبنە ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتی گلاْوی رژێمی داگیرکەری عێراق و، مانەوەیان لەکوردستان تاسەر نابێت و شتێکی کاتیە، بۆیە دەبێ خۆیان نەکە ئامرازی دەستی رژێم و خاك و زەوی‌و زاری کورد داگیر نەکەن، بەردەوامبوونیان لەسەر ئەم رەفتارانە زۆر بەسلبی لەسەر دوا رۆژی برایەتی کورد و عەرەب دەشکێتەوەو دەبێ پەنجەی پەشیمانی بگەزن که ئەوکاتیش پەشیمانی دادیان نادات، ئەو عەرەبانەی هاتوونەتە سەر خاکی کوردستان دەبێ ئەوە باش بزانن که چارەنووسی خۆیان لەگەڵ چارەنووسی رژێمی عێراق بەستۆتەوەو رووبەرووی زیانی گەورە دەبنەوە لە دوارۆژدا، لەبەر ئەوەی هیچ کات کورد دەستبەرداری تەنها یەك بستە خاکی خۆی نابێت.

## رەڤەندی کورد لەدەرەوەی ولاْت

ئێمە وەك YNDK پێمان باشە کە رەڤەندی کورد لەدەرەوەی ولاْت هەستی خۆبەستنەوە بەکوردستان ون نەکەن و پارێزگاری تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد بکەن و وەك رەڤەندی هەر نەتەوەیەکی‌تر کارو چالاکی خۆیان بخەنە خزمەت بەرەو پێشبردنی کێشەی رەوای نەتەوەکەیان و چالاکانە رێ‌و رەسم بۆ بۆنە نەتەوەییەکان

رێکبخەن و کورد بوونی خۆیان بخەنە سەرووی هەموو شتێکەوەو، خۆیان یەکریزو یەك دەنگ بکەن و زیاتر کێشەی نەتەوەکەمان بەنەتەوەکانی تر بناسێن و، بەردەوام بن لەکۆڕو کۆبوونەوەو خۆنیشاندان بۆ ریسواکردنی پیلانەکانی داگیرکەرانی کوردستان. هەروەها پێویستە کار بکەن پەیدا کردنی پشتیوانانی زیاتر بۆ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و، ناساندنی ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستان بەدەرەوە. هیواداریـن کە کار بکەن بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان بۆ رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی کاری پەنابەرانی کوردو پەیوەندی کردن بەکەناڵە بڕیار بەدەستەکانی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین.

## ئۆپۆزسیۆنی عێراق

سەبارەت بەئۆپۆزسیۆنی عێراقش، بەر لەهەر شتێك دەبێت ئێمە ئەوە باش بزانین کە کێشەی کوردو کێشەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دوو شتی لەیەکتر جیان، کێشەی ئێمە کێشەی نەتەوەیەکی بندەست و خاك زەوت کراوەو کێشەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش نەبوونی دیموکراسییەت و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و خۆ سەپاندنی دکتاتۆریەتی ئێستای عێراق و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتە لەعێراقدا. بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان خەباتی خۆی بەردەوامدەکات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان و خەباتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش بۆ گۆڕینی دەسەڵات و بەرقەرارکردنی دیموکراسیو ئازادییە سیاسییەکان و وەرگرتنی دەسەڵاتە لەعێراقدا.

هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تائێستاش لەنێو خۆیاندا نەبەرامبەر کێشەی کوردو نەبەرامبەر ئایندەی عێراق هاودەنگ و هاورانین، هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری هێزو لایەنە سیاسیو مەزهەبییەکانی عێراق زۆر لێکراوو چەوساوەی دەستی دکتاتۆریەتی بەغدان، بەڵام تائێستاش هەندێ لەو هێزو لایەنانە خودان پرۆگرام و هزرو ئاراستەیەکی سیاسی روون و ئاشکرانین نەك هەر تەنها وەك باسمان کرد بەرامبەر بەکێشەی قەیرانی دەسەڵات و فەرمانرەوایی کە کێشەی ناوەندی ئەوانە، بگرە خۆیان دوور دەگرن لەدارشتنی هەر بەرنامەیەك سەبارەت بەکێشەی کوردو کێشەی نەتەوەکانی تریش لەعێراقدا. زۆربەی ئەو هێزانە کە تائێستا خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نین و بگرە شوێنیشیان لەدەسەڵاتی ئایندەی عێراقدا دیار نییە دژی کێشەی کوردن و زۆر کەمتری رژێمی ئێستای عێراقیان بۆ کورد پێیە.

ئێمە لە YNDKدا زۆر بەروونیو راشکاوانە رای دەگەیەنین کە هەڵوێست و رادەی توندو تۆڵی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەر هێزو لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی عێرقدا لەسەر ئەو بنچینەیە دەبێت کە ئایا هەڵوێستی رەسمیو پراکتیکی ئەو هێزو لایەنانە لەئێستاو ئایندەشدا بەرامبەر بەتەواوی کێشە نەتەوەییەکەی کورد لەکوردستان بەگشتیو باشووری کوردستان بەتایبەتی لەمرۆدا چییەو چۆنە؟ و جگە لەمە هیچ پێوەرو بنچینەیەکی تر لای ئێمە وەك YNDK حسابی بۆ ناکرێت.

عێراق، وەکو ولاَتێك هەڕەشەیە لەسەر دەوروبەرەکەی بەهۆی ئەو پێشلکارییانەی کە ئەنجامی داون، بێگومان ئەمریکاش هەمیشە باس لەوە دەکات کە دەبێ ڕژێمی عێراق بێتە گۆڕین، بەتایبەتی دوای کارەساتی ١١ی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو، لەدەستپێکردنی شەڕی دژە تیرۆردا زۆر باس لەوە دەکرێ کە عێراق لەچوارچێوەی بەرنامەی شەڕەکەدایەو دەکەوێتە بەر گوزری ئەمریکاو هاوپەیمانانی، دەبێ بۆ ئەم مەبەستە ئۆپۆزسیۆنی عێراق زۆر چالاکانە تر لەئێستا کاری خۆی بکات و پرۆگرام بۆ ئایندەی عێراق دابڕێژێت و ڕۆڵی بەرچاوی خۆی لەم بوارەدا ببینێت. نەك بەو سستییەی کە ئێستا بزاف دەکات.

بەر لە هەر شتێك دەبێ خۆی یەکریزو یەکدەنگ بکات بەرامبەر حوکمی ئایندەی عێراق و کێشەی کورد. لەبەر ئەوەی تائێستاش ئۆپۆزسیۆنی عێراق نازانێت شوێنی لەدەسەلاَتی ئایندەی عێراق چی دەبێت. بۆیە دەبێ هەوڵبدات ئەم شتانەی لا روونبێت، بۆ ئەوەی خەڵکیش متمانەی پێ بدات و هاوکاری بکات. لەبەرئەوەی متمانەو هاوکاری جەماوەر فاکتەرێکی کاریگەری سەرکەوتنە لەهەر شۆڕش و ڕاپەرینێکدا.

### دیالۆگی کوردی - عەرەبی

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە دیالۆگی بەردەوام لەنێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبدا بەردەوام بێت بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی لەنێوان هەردوولا، بەلاَم دەبێ ئەم دیالۆگە لەسەر بنەمای بەهێزی لایەك و بێ

هـێزی لایـەك نـەبێت و، بـەڵكو دەبـێ لەسـەر بنـەمای ڕێزگرتنی یەكترو پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش بێت و كەناڵێك بێت بۆ زیاتر لەیەكتر گەیشتن و هاوكاری كردنی یەكتر.

بۆ هەمان مەبەستی سـەرەوە بەپێویسـتی دەزانـین كـە دیـالۆگی (كـورد– تـورك)و دیـالۆگی (كـورد – فـارس) هەبێت، لەبەر ئەوەی سەردەم سـەردەمی دیـالۆگ و زیـاتر لەیـەكتر گەیشـتنەو دیـالۆگ شـێوازێكی شارسـتانییانەی خەباتـەو بنەمایەكـە بـۆ چارەسـەركردنی زۆربـەی هـەرە زۆری كێشە سیاسییەكانی ئەمڕۆی جیهان.

## عێراق

ڕژێمی فاشی عێراق، گەلی عـێراقی دووچـاری كۆمـەڵێ كێشەو مەینەتی كردۆتەوە هەر لەنەبوونی دیموكراسیەت و ئازادییـە سیاسـییەكان و ئـازادی بـیروڕاو تادەگاتـە برسییەتی‌و هەژاری‌و نەخۆشییەكی لەرادەبەدەر، هەموو ئەم نەهامەتیانەش بەپلەی یەكەم ڕژێمی ئێستای عێراق لێی بەرپرسیارە.

ڕژێمـی عـێراق لـەكاتێكدا كـە كـەوتبووە ئـەو پـەڕی دابڕینی سیاسی‌و ئابووری‌و دبلۆماسی‌و ژێر پاڵەپەستۆو فشاری كاریگەرانەی بڕیارە سزا ئامێزە نێودەوڵەتیەكان، ماوەكی زۆر هەوڵیدا بۆ خۆ دەربازكردن لەم ڕەوشە ئەوە بوو لەگەڵ زۆر لـەوڵاتانی عـەرەب پەیوەندییـەكانی خـۆی باش كردەوەو كۆمـەڵی ناوچـەی ئازادی بازرگانی لەگـەڵ ئـەم وڵاتانـەدا كـردەوەو هێڵـی ئاسمـانی خـۆی لەگـەڵ

کۆمەڵی ولاتدا کردەوە بۆ سوککردنی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە خراوەتە سەری. جگە لەمانەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بزاڤێکی بەرچاوی کرد بۆ دووبارە گەڕانەوەی بۆ نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و بەردەوام بەمانۆڕو فرت و فێڵی سیاسی خۆی لەجێبەجێکردنی بڕیارە سزا ئامێزە نێودەوڵەتییەکان دەدزییەوەو دەدزێتەوە. ڕژێمی عێراق بەهۆی لاسارییەکانیو پابەند نەبوونی بەبڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە خۆی تووشی کارەساتێکی تر دەکاتەوە، بەتایبەت دوای کارەساتی ١١ی ئەیلول لە ئەمریکاو ڕاگەیاندنی شەڕی تیرۆر لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانیو دروستبوونی یەکدەنگییەکی جیهانی بۆ دژایەتی کردنی تیرۆرو ئەوانەی لەپشت تیرۆرەوەن. دیارە ئەمریکا چەندین جارە جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە شەڕەکە درێژخایەن دەبێت و دوای ئەفغانستان ولات و شوێنی تریش دەکەونە بەر ئەو شالاوە. زۆر بەروونیش باس لەعێراق دەکرێت وەك ولاتێك کە بەر ئەم شالاوە بکەوێت. دواجاریش سەرۆکی ئەمریکا لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکیدا. لەرۆژی ٢٠٠٢/١/٢٩ لەوتارێکیدا زۆر بەروونی ئاماژەی بەعێراقدا وەك سەرچاوەیەکی هەرەشە لەناوچەکەداو باسی لەوە کرد کە عێراق تائێستاش خودانی چەکی کۆکوژەو بەردەوام هەوڵدەدات ئەو چەکە بەرهەم بهێنێت. ئەگەر سەرنجبدەین سەرەڕای هەڕەشەکانی ئەمریکا عێراق بەردەوامە لەسەر لاسارییەکانیو وا چاوەڕوان دەکرێت کە لەم ماوەیەدا بکەوێتە بەر گورزێکی سەربازیو باجی ئەو لاسارییو سەرەڕۆییانەی خۆی بدات.

ئێمە لە YNDK باوەڕی تەواومان بەچارەسەری لەریشەوەی سەرجەم گیروگرفتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو.. تد هەیە، کە ئەویش بەندە بە لەناوبردن و نەهێشتنی ئەو رژێمەی ئێستای عێراق کە سەرچاوەو هۆکاری سەرەکیو بنچینەیی سەرجەم ئازارو مەینەتیو گیروگرفتە هەمە لایەن و هەمە چەشنەکانی گەلانی عێراقە. بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەی هەر هەوڵێکی روون و جددیو ئاشکراین، مەرجی سەرەکیشمان ئەوەیە کە مافی نەتەوەیی نەتەوەکەمان لەعێراقی ئایندەدا پارێزراو بێت و بەلای کەمەوە فیدرالیزمی ئێستامان کە داخوازی ئەم قۆناغەی خەباتمانە بچەسپێت وەك هەنگاوێك بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو دیموکرات، جگە لەمەش هیچ ئەرکێکی تر ناخەینە سەر شانمان. ئەوەش مافێکی رەوای خۆمانە.

ئێمە وەك YNDK وای دەبینینەوە، کە زۆر زەحمەتە ئەمریکاو هاوپەیمانانی بهێلن عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوەو وەك جاران هەرەشە لە بەرژەوەندییەکانیان بکات و ببێتە هۆکارێکی نائارامی لەناوچەکەدا، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە عێراقی ئایندە عێراقێکی فیدرالی بێت و ببێتە سێ هەرێم:

**- هەرێمی باشوور.**

**- هەرێمی ناوەراست.**

**- هەرێمی کوردستان (کە بەشێکی خاکی عێراق نیەو بەزۆر پێیەوە لکێنراوە لەسەردەمی داتاشینی نەخشەو دەوڵەتی عێراقیدا.).**

بەم جۆرەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی لەکۆمەڵێ گرفت دەرباز دەکات و هەریەك لەدانیشتوانی ئەو هەرێمانەش رازی دەکات. ئەم شێوازی بەڕێوە بردنەش بۆ ئایندەی عێراق لەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایە. لەهەمان کاتدا دەبێ مافی چارەی خۆنووسینی هەر یەك لەو هەرێمانە پارێزراوبن.

بەپێویستی دەزانین لێرەدا جارێکی تر پشتگیری خۆمان بۆ تەواوی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان دووبارە بکەینەوە کە بەرامبەر عێراق وەرگیراون بەتایبەت بڕیاری (٦٨٨و ٩٨٦). بۆ بڕیاری ٦٨٨ دەبوا UN زۆر جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بکردبووایە کە بڕیارێکە لەبەرژەوەندی تەواوی گەلانی عێراق دایە. لەهەمان کاتدا دەبێت هەم ئۆپۆزسیۆنی عێراق و هەم بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بزاڤێکی دبلۆماسی خورت بکەن بۆ کاراکردنی ئەم بڕیارە (بڕیاری ٦٨٨).

## بارودۆخی ناوچەیی

بارودۆخی ناوچەیی تارادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی بارودۆخی نێودەوڵەتی دایە، لەبەر ئەوەی گۆڕانکاریو رووداوە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاردانەوەیان دەبێت بەسەر شوێنانی تری جیهاندا، جا ئەم کاردانەوەیە هەندێ جار بەئیجابیو هەندێ جاریش بەسلبی دەبێت.

ئەگەر لەبارودۆخی سیاسی ناوچەکە وردبینەوە ئەوا زۆر بەروونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وڵاتانی ناوچەکە دابەشی سەر دوو میحوەر بوونە، میحوەری

(ئێران، عێراق، سوریا)و میحوەری (تورکیا– ئیسرائیل). ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەر یەك لەولاَتانی ناوچەكە، كە دابەشی سەر دوو میحوەر بوونە كۆمەڵێ بەرژەوەندی هاوبەش بەیەكیان دەبەستێتەوە، لەهەمان كاتدا هەر ئەم ولاَتانەش خودان كۆمەڵێ گرفتی سیاسیو جوگرافییو ئایدۆلۆژین، بەلاَم لەپێناو مانەوەو خورتكردنی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان بەردەوام لەهەوڵدان بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكانیان.

میحوەری (عێراق– ئێران– سوریا)، ئەگەر سەرنجی ئەم میحوەرە بدەین دەبینین عێراق كۆمەڵێ ناكۆكی سیاسیو جوگرافیو ئایدۆلۆژی لەگەڵ هەریەك لەئێران و سوریا هەیە. بۆ ماوەی ٨ ساڵ شەڕی ئێرانی كرد تا دواتر بەچۆكداهات و گەلانی عێراقیشی رووبەرووی مەینەتییەكی زۆر كردەوە سەرەڕای ئەوەی كە بەردەوام هەردوولا (عێراق و ئێران) یەكتر تاوانبار دەكەن بەهاوكاریو پەنادانی ئۆپۆزسیۆنی یەكترو چارەسەر نەكردنی ناكۆكییەكانیان لەسەر سنووری نێوان هەردوولا كێشەی دیلەكانی جەنگ و كۆمەڵێ كێشەی تر، بەلاَم دەبینین هەردوولا بۆ لێدانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی كوردستان هاوڕاو هاودەنگن و ماوەیەكی زۆرە كاردەكەن بۆ زیندووكردنەوەی رێككەوتننامەی شومی جەزائیرو جەخت دەكەنەوە سەر ئەوەی كە دەبێ ناكۆكییەكانیان لەسەر بنەمای رێككەوتننامەی شوومی جەزائیر چارەسەر بكەن.

هەروەها عێراق لەگەڵ سوریاشدا كێشەیەكی زۆریان لەنێواندا هەیەو بەردەوام یەكتریان تاوانبار دەكرد بەلاَم ئەوا ماوەیەكە كاردەكەن بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكانیان و ئاسایی كردنەوەی پەیوەندییەكانیان. سەرەڕای ناكۆكی ئایدۆلۆژییان لەسەر حیزبی بەعس،

ماوەی ٨ ساڵەی جەنگی عێراق– ئێران، سوریا شان بەشانی ئێران وەستا. بەڵام وادیارە بەرژەوەندییەکان وادەخوازن کە ناکۆکییەکان بخرێنە لاوە.

عێراق لەگەڵ هەریەك لەئێران سوریا هاوهەڵوێستە لەسەر دژایەتی کردنی کێشەی کوردو لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بەرامبەر ئەمریکاو دژایەتی کردنی ئیسرائیل هەڵوێستێکی هاوبەشی هەیە.

داگیرکەرانی کوردستان رۆژ بەرۆژ هەوڵدەدەن بۆ زیاتری لەیەکتر نزیك بوونەوە، زۆر جار عێراق و سوریا لەهەوڵی ئەوەدان کە خۆیان نزیکی تورکیاش بکەنەوە ئەگەر ئەم هەوڵدانە لەژێر کاری بازرگانیو ئابووریش دابێ وەك ئەوەی کە هەرسێ وڵات بریاریان وەرگرت بۆ کردنەوەی هێلێکی شەمەندەفەر بۆ بازرگانی لەنێوان هەرسێ وڵاتدا.

هەست بەوەش دەکرێ کە سوریا ماوەیەکە سەبارەت بەئەیالەتی ئەسکەندەروونە بۆ تورکیا نەرمی دەنوێنێت.

بەنسبەت میحوەری (تورکیا– ئیسرائیل)، میحوەرێکە هەڤاڵبەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو کۆمەڵێ بەرژەوەندی هاوبەش هەردوولا لەیەکتر نزیکدەکاتەوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لەبواری سەربازیشدا رێکبکەون، هەریەك لەو دوو وڵاتەدا کۆمەڵێ کێشەو گرفتی ناوخۆییو دەرەکی هەیە، ئەگەر ئەمریکا نەبێت زۆر زەحمەتە بە سانایی لەگرفتەکان دەربازبن.

تورکیا وەك وڵاتێك رووبەرووی کۆمەڵێ کێشەی سیاسیو ئابووریو جوگرافی بۆتەوە، یەکێك لەوانە کێشەی کوردە، کە بەهەموو شێوەیەك دژی وەستاوەتەوە بەهیچ شێوەیەك ئامادەنییە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و رۆژ بەرۆژیش خەباتی نەتەوەکەمان لەباکووردا پێشڤە دەچێت و زیاتر تورکیا تەنگەتاو دەکات. هەروەها تورکیا

ئێستا دووچاری قەیرانێکی ئابووری گەورە بۆتەوە کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت خۆی تێدا دەرباز بکات ئەمەش ئەگەری تەقینەوەی بارودۆخەکەی لێدەکرێ، سەرەك وەزیرانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا لەماوەی رابردوودا لەسەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا بەرەسمی داوای کۆمەکی دارایی لە ئەمریکا کرد، بێگومان ئەگەر ئەمریکا نەبێت تورکیاش ئەو وڵاتە نابێت بتوانێت خۆی بەرامبەر بەم هەموو کێشەیە رابگرێت.

لەلایەکی ترە ماوەیەکی زۆرە تورکیا هەوڵدەدات بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا، بەلام ئاستەنگی گەورە لەبەردەم چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ نێو یەکێتی ئەوروپا داننەنان بەکێشەی کوردو چارەسەر نەکردنیەتی، بۆیە تادێ وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا دوور دەکەوێتەوە. هەروەها تورکیا کۆمەڵێ کێشەی تری لەگەڵ هەر یەك لەقوبرس و یونان هەیە، کە لەم دواییەدا گرژییەکی تەواو کەوتۆتە نێوان یۆنان و تورکیاو حکومەتی یۆنان تورکیا تاوانبار دەکات بەوەی کە دەیەوێت بارێکی نا ئارام و ناسەقامگیر لەناوچەی دەریای ئیجەدا دروست بکات. ئەم گرژییە، گرژییەکی سەربازیشی لێکەوتۆتەوە.

هەرچی ئیسرائیلیشە ئەوا رووبەرووی گەورەترین کێشە بۆتەوە کە ئەویش کێشەی فەلەستینەو رۆژانە فەلەستینییەکان بەرخودانی خۆیان درێژە پێدەدەن و رووبەڕووی دەست درێژییەکانی ئیسرائیل دەوەستنەوە، بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و گەیشتن بەسەرفرزای و سەرخۆبوونی خۆیان.

ئێمە وەك YNDK لەروانگەی ئەوەی کە پشتیوانی تەواوی بزاڤە ئازادیخوازەکانی جیهان دەکەین هاوسۆزی خۆمان بۆ گەلی فەلەستین رادەگەیەنین و داواکارین کە ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهان بەپەلە بەر لەم

شالاوەی ئیسرائیل بۆ سەر جەماوەری راپەریوی فەلەستین بگرن و چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ کێشەی فەلەستین بدۆزنەوە، کە بەباوەری ئێمە ئەمەش تەنها لەرێگەی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین دەبێت.

جگە لەکێشەی فەلەستین، ئیسرائیل کێشەی لەگەل ولاتانی تری عەرەبی و غەیرە عەرەبی هەیە، کە ئەوەش بەپلەی یەکەم دەگەرێتەوە بۆ هەلویست بەرامبەر کێشەی فەلەستین و سەقامگیرکردنی ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناڤیندا.

بەلێ؛ ئەمە کورتەیەکی بارودۆخی ناوچەکە بوو. بەلام ئەوەی گرنگە، ئێمەی کورد دەبێ چۆن مامەلە لەگەل ئەم بارودۆخەدا بکەین؟

بەر لەهەر شتێك دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر بەوریایی و وردبینانە مامەلە لەگەل ئەم بارودۆخە ناوچەییەدا بکات و لەم قۆناغە هەستیارەدا بەوردی چاودێری پێشهاتە سیاسییەکان بکات و تێگەیشتنێکی کوردانەی بۆیان هەبێت.

ئێستا کە سەردەم سەردەمی جیهانگەرایی و کرانەوەی دونیاو پاراستنی بەرژەوەندییەکانە، دەبێ کوردیش سوود لەم دەرفەتە وەربگری و بیخاتە خزمەتی کێشە رەواکەی، بەتایبەتی دوای کارەساتی ١١ی ئەیلولی سالی رابردوو هەموو جیهان کەوتۆتە بەردەم گۆرانکاری. ئێمە وەك YNDK وای دەبینین کە پێویستە کوردیش وەك نەتەوەیەك بەگیانێکی کوردانەی یەکگرتوو و ژیرانەوە بۆ بەرژەوەندی کێشەی رەوای خۆی زۆر زیرەکانەو هۆشیارانە مامەلە لەگەل بارودۆخەکەدا بکات و سوود لەناکۆکی و ململانێی سیاسی ولاتانی ناوچەکە وەربگرێت و بیانخاتە خزمەتی کێشەی نەتەوەیی کورد.

دەبێ زۆر لەوەش وریابین کە کێشەکەمان نەکەینە قوربانی ململانێی وڵاتانی ناوچەکەو، با لەو ئاستە بین سوود لەناکۆکیو ململانێیەکان وەربگرین و بیانخەینە خزمەتی کێشە رەواکەمان. لەبەر ئەوەی زۆر جاران وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەگەمەیەکی سیاسیو بۆ لێدانی ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستان، دەیانەوێ هەندێ حساباتی سیاسی خۆیان لەناو ماڵی کورددا یەکلایی بکەنەوە بێگومان ئەمەش زیان بەهەموو لایەکمان دەگەیەنێت، بۆیە دەبێ وریا بین و لێکدانەوەی کوردانەی خۆمان بۆ ئەم پرسانە هەبێت و بەردەوام رەچاوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییو بەرژەوەندی باڵای کوردستان بکەین و لەسەرووی هەموو شتێکەوە دایانبنێین. کە بەم شێوەیە بیر بکەینەوەو بزاڤ بکەین تارادەیەکی زۆر لەسەرکەوتن نزیك دەبینەوە.

## بارودۆخی نێودەوڵەتی

سەردەمی ئەمڕۆمان، سەردەمی شۆڕشی زانستیو تەکنۆلۆژییە کە لەوپەڕی گەشە کردندایەو، ڕۆژ بەڕۆژیش گەشەی خێراتر دەکات و کاریگەری خۆی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەسەپەنێت و لەبوارە خزمەتگوزارییەکان و بواری سیاسەت و ئابووریو دبلۆماسیدا کەڵکی خۆی دەبەخشێت. لەئەنجامی ئەم گەشە کردنە خێرایەی شۆڕشی زانستیو تەکنۆلۆژییەدا خەریکە جیهان دەبێتە گوندێکی بچوك و ڕۆژانە مرۆڤ ئاگاداری زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوو گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو دبلۆماسیو کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان و هی تریش دەبێت و شتە شاراوەکان

ئاشکرا دەبن و هۆیەکانی پەیوەندی کردن ڕۆژ بەڕۆژ لەپێشکەوتندان و کار ئاسانی زیاتر پێشکەش بەمرۆڤ دەکەن. لەم بارودۆخەی ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی جیهاندا بسەپێنێت و ببێتە تاکە جەمسەری هێزو بڕیار لەجیهاندا، بۆ ئەم مەبەستە لەژێر ناوی جیهانگیری (العولمة– Globalization) دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت، کە مەبەستیش لەجیهانگیری ئازادکردنی ئابووری ئالوویری بازرگانیو خستنەکاری سەرمایەیە بەبێ هیچ ڕێگرو لەمپەرێکی گومرگ و یاسایەك لەتەواوی جیهاندا، بەمەش مافی کۆمپانیا گەورەو فرە ڕەگەزەکان پارێزراو دەبێت و بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەسەپێنرێتە سەر بەرژەوەندییە مرۆڤایەتییەکان و بگرە نێودەوڵەتیەکانیش.

بەڕای ئێمە بەجیهانی کردن واتە بەئەمریکایی کردن، لەبەر ئەوەی جیهانگیری وەك ئامازەمان پێدا باڵادەست بوونی سەرمایەو سەرمایەدارییە لەجیهاندا، ئەمریکاش وەك زلهێزێك و خودان سەرمایەیەکی زۆر بانگەشە بۆ ئەم بیرە دەکات و دەیەوێت بیسەپێنێتە سەر هەموو جیهان، ئەمریکا دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بەرژەوەندییە زۆرو زەوەندەکانی خۆی بپارێزێت.

لەبەرامبەر ئەوەشدا وڵاتانی ئەورووپا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەیەکتر نزیکدەبنەوەو یەکێتی ئەورووپا ئەویش وا دەبێتە جەمسەرێکی تری بڕیار لەجیهانی سیاسی ئەمڕۆداو جگە لەنەهێشتنی سنوور لەنێوانیاندا لەسەرەتای ئەمساڵەوە بەڕەسمی کاریان بە(یۆرۆ) کرد کە دراوێکی تایبەت بەوڵاتانی یەکێتی ئەورووپایەو لەساڵی ١٩٩٩ بڕیاریان وەرگرتبوو دراوی خۆیان یەکبخەن و ئەمساڵیش بەڕەسمی خستیانە بازاڕو کارییان پێکرد، ئەم هەولانە بۆ

ئەوەن کە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاش ببنە جەمسەرێك و کاریگەری خۆیان لەهەڵسوڕان و گۆڕانکاریو رووداوەکانی جیهاندا هەبێت. یەکێتی ئەوروپاش بۆتە جەمسەرێك و کاریگەری خۆی لەبڕیارە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، بەڵام تائێستا ئەمریکا جەمسەرە بەهێزو کاریگەرو خودان بڕیارە یەکلاییکەرەوەکانی هەموو جیهانەو لەم بوارەدا دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە.

ئێمە باس لەبارودۆخی سیاسی جیهان دەکەین، نابێ گەورەترین کارەساتی ساڵی رابردوو فەرامۆش بکەین کە ئەویش کارەساتی ١١ی ئەیلولە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو سەرجەم جیهانی هەژاند! کارەساتی (١١/ ئەیلولی/ ٢٠٠١) کارەسات و تاوانێکە سەرجەم جیهانی خستۆتە بەردەم کۆمەڵێ گۆڕانکاریو بەخۆداچوونەوەو، وڵاتانی خودان و هێزو بەرژەوەندی ناچار کردووە کە سەر لەنوێ بەبەرنامە تاکتیکیو ستراتیژییەکانیاندا بچنەوەو خوێندنەوەو تێگەیشتنی تریان بۆ چەمك و تێگەیشتنە سیاسییەکان هەبێت. ئەم رووداوە هەڕەشەی تیرۆری بەهەموو لایەك نیشانداو ئەوەی خستە روو کە چەمکی تیرۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە چەك و ئامرازی جێبەجێکردنی کارە تیرۆریستییەکانیش گۆڕاون ئەگەر پێشتر ترس لەبۆمبی ئەتۆمیو چەکی کیمیاوی هەبوو بۆ کۆمەڵکوژی ئەوا دەبێت ئەمرۆ ترس لەئامرازە سادەکانی وەك چەقۆو دەمانچەو ئەو بابەتانەش هەبێت، لەبەر ئەوەی فڕاندنی فرۆکەیەك بەم ئامرازانەو تەقاندنەوەی فرۆکەکە کاریگەری گۆڕانکاری چەمکەکانمان بۆ دەسەلمێنن، بۆیە دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە سەر لەنوێ زۆر لەچەمکە سیاسییەکان دابرێژرێنەوەو تێگەیشتنی نوێ بەرامبەریان هەبێت. ئێمە لە YNDKدا وێڕای هاوسۆزیو هاوخەمیمان لەگەڵ کەس

و کاری قوربانییانی ئەم کارەساتەو گەلی ئەمریکا، ئیدانەی ئەم کارە تیرۆریستییە دەکەین کە دژ بەتەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کراوە.

تیرۆر لە هەر شوێنێکی جیهان و لەژێر هەر ناوێکدا بێت کارێکی ناڕەواو دژ بەمرۆڤایەتییەو ڕەتی دەکەینەوە، بەڵام دەبێ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خەباتی ڕەوای چەکداری نەتەوە ژێردەستەکان بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی و بەرەڤانی لەمانەوەیان لەگەڵ (تیرۆر)دا لەیەکتر جیا بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی هەر نەتەوەیەك مافێکی ڕەوای خۆیەتی بە هەر شێوازێك بێت خەبات لەپێناو وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانیدا بکات و بەرەڤانی لەمانەوەی خۆی بکات.

بەڕای ئێمە وەك YNDK دەبێ ئەمریکا بەدوای بنبڕکردنی هۆکارەکانی تیرۆردا بگەڕێت و ئەو هۆکارانە نەهێڵێت، بەر لەهەر شتێك دەبێ ئەمریکاو هەموو جیهان بیر لەچارەسەر کردنی ریشەیی کێشەی ڕەوای نەتەوە ژێر دەست و چەوساوەکان بکەنەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیر بکەین هەر یەك لەوڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەپێی ئەو تاوانانەی کە دژی نەتەوەکەمان ئەنجامیانداوە دەچنە خانەی وڵاتانی تیرۆریست، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای نەتەوە ژێر دەستەکان و شاد بوونی ئەو نەتەوانە بەمافە نەتەوەییەکانیان دەبێتە هۆی بنبڕ کردنی هۆکارێکی تیرۆر لەتەواوی جیهاندا.

ئەمریکا لەئەنجامی ئەو هێرشەی کرایە سەری، شەڕی دژی تیرۆری لەتەواوی جیهاندا ڕاگەیاندو بۆ ئەم مەبەستە زۆربەی هەرە زۆری جیهان لەگەڵیدا هاودەنگن، دیارە سەرەتای شەڕەکەشی بەئەفغانستان دەست پێکردو کۆتایی بەدەسەڵاتدارێتی تالیبان هێناو حکومەتێکی

کاتی لەسەر بنەمای پێکهاتەی رەگەزی ئەفغانستان دامەزراند. وەك لەسەرەتادا ئامارژەمان پێکرد ئەمریکا هەوڵدەدات خۆی تاکە جەمسەری هێزو بریار بێت لەتەواوی جیهاندا. دەست پێکردنی شەری دژە تیرۆریش لەکۆتاییدا هەر بۆ ئەم ئامانجە دەبێت، بۆیە دەبێ بپرسین ئەمریکا بۆ لەئەفغانستانەوە دەستی بەشەرەکە کرد؟

ئەفغانستان؛ وەك وڵاتێك کەوتۆتە نێوان پێنج وڵاتی خودان چەکی ئەتۆمی کە ئەوانیش بریتین لە(روسیا- چین- هند- ئێران- پاکستان)، ئەمریکاش هەوڵدەدات کۆنترۆڵی هەموو جیهان بکات و هەرەشەکانی سەرخۆی کەم بکاتەوە، بۆیە بوونی پێگەی خۆی لەناوچەکەدا بەپێویست دەزانێت هەم بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکەو هەم بۆ چاودێری کردنی رەوشی ناوچەکەش.

بەرای ئێمە تیرۆر هۆکارێکی سەرەکی نەبووە بۆ شەری دژە تیرۆر بەڵکو ئەم شەرە گەرانە بەدوای بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی لەناوچەکەدا. خۆ ئەگەر سەیری لیستی ناوی گومانلێکراوانی ئەنجامدەرانی کارەساتی ١١ی ئەیلول بکەین، دەبینین گومانلێکراوەکان بەشێوەیەکی گشتی عەرەبن و تاکە یەك کەسی ئەفغانستانیشیان لەگەڵدا نییە!!

دیارە ئەمریکا هەر لەسەرەتای شەرەکەوە رایگەیاند کە شەرەکەیان درێژخایەن دەبێت و ئەفغانستانیش خاڵی دەستپێك دەبێت و شەرەکە زۆر وڵاتی تریش دەگرێتەوە، ئێستا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر باس لەعێراق دەکرێت کە بەر ئەم شاڵاوە بکەوێت.

رژێمی عێراقیش بەردەوامە لەسەر سەرەرۆیی و لاسارییەکانی خۆی بەرامبەر ئەمریکاو جێبەجێکردنی بریارە سزائامێزە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەر عێراق لەسەر

ئەم هەڵوێستەی ئێستای بمێنێتەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە بەر ئەم هێرشە دەکەوێت و باجی هەلەکانی خۆی دەدات، ئەم بارودۆخە بۆ کورد زۆر یارمەتیدەرە کە جارێکی تر داوا لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکات بۆ ئەوەی سەرانی رژێمی فاشیو داگیرکەری عێراق وەك تاوانبارانی جەنگ و قرکردنی نەتەوەیی کە دژ بەکورد ئەنجامیان داوە دادگایی بکرێن. بەتایبەت ئێستا کە جۆرج W بۆش سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرۆژی ٢٠٠٢/١/٢٩ لەوتارێکیدا لەبەردەم کۆنگریسی ئەمریکادا، هۆشداری دا بەهەر یەك لەعێراق و ئێران و کۆریای باکوورو رایگەیاند کە لەژێر چاودێری ئەمریکادان.

دەبێ ئێمەی کورد سوود لەو هەل و مەرجە نێودەوڵەتییە وەربگرین و هەوڵبدەین سوود لەهەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر داگیرکەری عێراق وەربگرین و لەم بوارەدا سیاسەتێکی روون و کوردانەمان هەبێت.

ئەمەی باسمان کرد کورتەیەکی زۆر کورتی بارودۆخی سیاسی نێودەوڵەتی بوو، کە بەرای ئێمە ئەمریکا وەك گەورەترین زلهێزی دونیا دەیەوێت هەر خۆی تاکە بریار بەدەستی جیهان بێت و هێڵە گشتییەکانی پەیوەندیو یاسا نێودەوڵەتییەکان و بریارە سیاسیو ئابووریو ئەمنیو ستراتیژییە هەستیارەکان دابرێژێت و ئاراستە بکات.

ئێمەی کورد چۆن سوود لەم بارودۆخە نێودەوڵەتییە وەربگرین؟

وەکو کورد دەبێت رێز لەتەواوی ئەو بنەماو هێڵە گشتیانەی سیاسەت و پەیوەندیو یاسا نوێیە نێودەوڵەتییە کردەییو دیارانە بگرین کە ئەمرۆ لەجیهاندا کاریان پێدەکرێت و، هەوڵبدەین دبلۆماسیەتی کوردی زۆر لەجاران زیاتر خورتتر بکەین بۆ سەرلەنوێ خستنەوە

رووی كێشە رەواكەمان و گەیاندنی بەكەناڵە بڕیار بەدەستەكانی جیهان و بۆیان بسەلمێنین و تێیانبگەیەنین كە بە بەبێ چارەسەركردنی ریشەییو سیاسییانەی كێشەی كورد زۆر زەحمەتە ناوچەكە ئارامیو ئاسایش بەخۆیەوە ببینێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ستراتیژێكی روون و ئاشكراو گونجاومان هەبێت كە لەگەڵ ئاراستەی رووداو گۆڕانكارییە سیاسییە كاریگەرە نێودەوڵەتییەكاندا هەنگاوی پێویست بەرەو وەدەستهێنانی ئامانجی خۆمان هەڵبگرین و بۆ تەواوی كەناڵە بڕیار بەدەستەكانی جیهانی بسەلمێنین كە ئێمە وەك كورد نەك هەر بۆ خۆمان بەڵكو بۆ هەموو ناوچەكە دەبینە هۆكاری چەسپاندنی ئارامیو ئاسایش لەناوچەكەدا. دەبێ هەوڵبدەین ئەوە بۆ جیهان روون بكەینەوە كە ئێمە وەك یەكێك لەگەورەترین نەتەوەكانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا كە تائێستا لەهەموو مافێكمان بێبەش كراوین و خاكەكەمان پارچە پارچەو داگیركراوە مافێكی رەوای خۆمانە كە لەهەزارەی سێیەمدا بەمافە نەتەوەییەكانمان شاد بین، كە ئەویش تەنها لەرێگەی گەیشتن بەسەرخۆبوون و ئازای دەبێت، لای كەم دەبێ ئەم فیدرالیەتەی كە ئەمرۆ پەرلەمان جاری داوە شەرعیەتێكی نێودەوڵەتی پێبدرێت كە داخوازییەكی رەوای ئەم قۆناغەی خەباتی نەتەوەكەمانەو هەنگاوێكە بەرەو كوردستانێكی سەربەخۆو ئازادو یەككگرتوو دیموكرات.

هەروەها دەبێت زۆر بەئاشكراو روونی ستراتیژییەتی (كوردستانێكی سەربەخۆو ئازادو یەككگرتوو دیموكرات) بەهەموو جیهان رابگەیەنین، لەبەر ئەوەی مافێكی زۆر سروشتی هەر نەتەوەكە كە لەسەر خاكی خۆی دەوڵەتی خۆی بنیات بنێت و ببێتە خودان كیانی سیاسی خۆیو رۆڵی كاریگەری خۆی ببینێت لەبنیاتنانی شارستانیەت و

پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، کە چەندین ساڵە ئێمە ئەم ڕێگەمان لێگیراوە، بەڵام سەرەڕای چەوساندنەوەو قرکردنمان و ئینکار کردنی بوونمان توانیومانە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەرانە لەبنیاتنانی شارستانیەتی ناوچەکەدا ببینین و پارێزگاری لەبوون و مانەوەو شارستانییەتەکەمان بکەین کە بەشێکی گرنگی شارستانییەتی سەرجەم مرۆڤایەتییە.

بەڵی لەسەر ئێمەی کورد زۆر پێویستە بەم شێوەیە گوتاری سیاسیمان یەکبخەین و بەبیرو ستراتیژێکی نەتەوەییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بارودۆخە هەستیارەی جیهان بکەین بۆ گەیشتن بەئامانجمان، لەبەر ئەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەمڕۆی جیهان زۆر لەجاران گونجاوترە بۆ کارو خەبات و زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدیدێکی تر کێشەکەمان دەخوێننەوەو کێشەی کورد وەك کێشەیەکی سیاسی دەبینن، کێشەی سیاسیش پێویستی بەچارەسەری سیاسییانە هەیە.

وەك ئاماژەمان پێدابێ سەلماندنی ئەو مافە نەتەوەییانەی کورد زۆر زەحمەتە ناوچەکە ئەو ئارامیو سەقامگیریو ئاسایشە بەخۆیەوە ببینێت کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەرەکیانە.

## بارودۆخی ڕێکخراوەییمان

بەپێویستی دەزانین ئەگەر بەکورتیش بێت ئاماژە بەکارو خەباتی YNDK لەماوەی نێوان کۆنگرەی سێیەم تاکۆنگرەی چوارەم بدەین.

YNDK وەك ڕێکخراوێکی خودان هزری نەتەوەییو سەربەخۆخوازی توانیویەتی بوونی کاریگەرانەی خۆی

لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بسەلمێنێت و ببێتە هێزێکی حساب بۆ کراو، هەمیشە بەهەڵوێستی نەتەوەییانەی خۆی دژ بەهەولەکانی داگیرکەران و نەیارانی کوردستان و ئەزموونەکەی وەستاوەتەوەو لەهەر رووداو پێشهاتێکی سیاسیدا هەڵوێستی کوردانەی خۆی هەبووەو توانیویەتی زۆر بویرانە بەهەق بڵێ هەق و بەناهەقیش ناهەق!

**لەسەر ئاستی پەیوەندییەکاندا؛**

YNDK وەك هێزێکی نەتەوەیی لەماوەی رابردووی کارو خەباتی خۆیدا توانیویەتی پەیوەندییەکی برایانە لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هێزو لایەنە سیاسیی و کەساسەتییە ولاتپارێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران دروست بکات و رۆژ بەرۆژیش هەولیداوە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو جۆرە پەیوەندییانە لەپێناو زیاتر چەسپاندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و خزمەتکردنی زیاتری کێشەی نەتەوەییمان. ئێمە لێرەدا جارێکی تر جەخت دەکەینەوە سەر ئەو پەیوەندییانەمان لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیو کەسایەتییە ولاتپارێزەکانی کوردستان و دۆستانی کوردو هیواداریین کە لەداهاتوودا بتوانین زیاتر لەیەکتر نزیکببینەوەو هاوکاری یەکتر بکەین و کاری هاوبەش و کردەیی بەیەکەوە بکەین.

**لەسەر ئاستی رێکخستندا؛**

لەماوەی رابردوودا YNDK توانیویەتی رێکخستنەکانی خۆی لەزۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا دروست بکات و ببێتە خودان بنکەیەکی جەماوەری فراوان، بەلام رێکخستنەکانمان لەئاستی

خواستی ئێمەدا نین و دەبێ زۆر زیاتر کار بکەین و کەسانی نەتەوەیی زیاتر رێکبخەین و ئاراستەی کارو خەباتیان بکەین. هیوادارین بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەکی گونجاوو کارا دابرێژین.

**لەبواری راگەیاندندا؛**

راگەیاندنی YNDK سەرەرای کەمی ئیمکانیاتی مادی توانیویەتی گەشەیەکی بەرچاو بکات و رۆژ بەرۆژیش لەگەشەکردن و پێشڤەچووندایە. رۆژنامەی (میدیا) کە ئۆرگانی ناوەندی یەکێتیمان (YNDK)ە، وەك تریبۆنێکی ئازاد توانیویەتی ببێتە یەکێك لەباشترین رۆژنامەکانی کوردستان و نووسەرو خوێنەرێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوەو رۆڵی بەرچاوی خۆی ببینێت لەبڵاوکردنەوەو گەیاندنی هزری نەتەوەییو سەربەخۆیخوازی بەجەماوەر. میدیا چ وەك تەکنیك و چ وەك ناوەرۆك خودان تایبەتمەندیو سەنگینی خۆیەتیو بێ هیچ لەخۆبایی بوونێك زۆر کەسایەتیو نووسەرو رۆشنبیر پێیان گوتووین (میدیا باشترین رۆژنامەی کوردستانە)، رۆژنامەی (میدیای عەرەبی) ئەویش وەك کەناڵێکە بۆ گواستنەوەو گەیاندنی راستیو رەوایی کێشەی نەتەوەییمان بەرۆشنبیرو هزرڤانانی عەرەب کە دەتوانین بڵێین ئەو چەند ژمارەیەی کە بڵاو بۆتەوە، جێی سەرنج و بایەخی رۆشنبیرانی کوردو عەرەب بووەو چەندین نووسەری عەرەبیش تێیدا بەشدار بوونە، هەرچەندە لەسەرەتادایە، بەڵام توانیویەتی بنەمایەکی پتەو بۆ خۆی دابرێژی، هیوادارین کە بەردەوام بێت و دەلیڤەیەك بێت بۆ بەردەوام کردنی دیالۆگی کوردی– عەرەبی. ئەم

پێشـــڤەچوونەی میدیــاش دەگەڕێتـــەوە بــۆ دڵســـۆزیو هیلاکـــــیو شــــەونخونی هـــەڤاڵ (ئـــاکۆ محەممـــــەد) سەرنووسەری میدیا.

